## چی بۆ کەرکوک بکەین؟ ... بەشی سییەم ... عبدالرحمن باوەگوڕکوری

حکومەتی بەعس راپەیینی (991) ی بە فرسەت زانی کە هەموو گەیەکی (عەرەسە) ی لای فرۆکەخانە و گەیەکی (جینگلاوە) ی نزیك شۆریجە تەخت بکات کە لە بەرنامەدابوو هەموو گەیەکە زۆربە کوردنشینەکان تەخت بکات بەلاّم بە هۆی دەست پێکردنی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و یژێم رای گرت.

لە گەڵ پەیڕەو کردنی هەموو شێوازێکی رەگەزپەرستانەی سەدام بە هەر هۆیەك بێت خەڵکی کەرکوك تا یادەیەك سیمای کوردستانی یەتی شارەکەیان پاراست و نەیان هێشت

وەکو شاری موسڵی لێ بێت و بە یەکجارەکی کەرکوك لە دەست کورد دەربچێت، زیادەیۆیی نیە ئەگەر بڵێم رۆڵی سەرەکییان لە شۆیش و راپەیینی (991) و پرۆسەی ئازادی دا بینیوە و توانیویانە مۆرکی رەسەنایەتی و کوردایەتی شارەکە و دەوروپشتی بپارێزن، لە سەر هەموو کوردێك بە گشتی و کوردی کەرکوك بە تایبەتی پێویستە زۆر بە ژیرانە و کوردانە بۆ گەیاندنەوەی ئاوارەکان هەوڵ بدەین شار و شارۆچکە و گوندەکان ئاوەدان بکەینەوە و بتوانین قەرەبووی ئەم هەموو ساڵە غەدر و پی مەینەتی یە بکەینەوە، بۆ ئەم هەنگاوەش پێویستە لە سەرمان گوێ بە هەندێ زیانی ماددی بەرژەوەندی تایبەتی نەدەین چونکە بۆ سەندنەوەی مافی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆمان تا دوێنێ لە مردن سڵمان نەدەکرد ئێستە بۆچی لە هەندێ زیانی ماددی و لە دەست دانی بەرژەوەندی تایبەتی سڵ بکەین و نەگەیێینەوەبۆ کەرکوك؟.

هەڵبەتە برینی دەیەها ساڵەی بە عەرەب کردن هەروا بە دوو هەفتە مانگێك مەرهەم ناکرێت بەلاّم هەولڕ و تەقەلای بە پەلە و پێویستی دەوێت و دەکرێت لە یەك کاتدا چەند هەنگاوێکی گرنگ و بە پەلە بنرێت و ئەوانی تریش بە دوایدا دەکرێت جێ بەجێ بکرێت و هەموو شوێنەوارەکانی بەعەرەب کردن بسیێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پێشنیارانە دەخەینە روو کە چمکێکی مافی رەوای ئەو خەڵکە ستەم دیدەدەیە:

-گەیانەوەی هەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کەهەر لە بنەیەت دا سەر بە شاری کەرکوك بوونە و لە ساڵی (1976) بە بییارێکی پی لە مەرامی بۆگەن و نەتەوەپەرستی کوێرانە بە مەبەستی کەم کردنەوەی رێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوك دا جیا کرانەوە وەکو (قەزای چەمچەمالڕ، خورماتوو، کفری، کەلار، ئاغجەلەر، ، سەنگاو، قادرکەرەم، نەوجول.......... هتد) پاشان لکێنران بە پارێزگای تکریت و دیالە و سلێمانی چونکە بە گەیانەوەی ئەم شارانە تای تەرازووی ژمارەی کورد لە کەرکوك سەنگین تر دەبێت، ئەمەش بچوکترین مافی سەرەتایی خەڵکی ئەو ناوچانەن، لە بەرئەوە پێویستە خۆپیشاندانی خەڵکی خورماتوو لە (19-7-2003) و (19-8-2003) بەرز رابگیرێت و جەماوەری خورماتوو درێژە بە خۆپیشاندانی خۆیان بدەن و خەڵکی شارە دابیاوەکانی تریش زۆر بە گەرمی هاو هەڵوێست بن، خۆپیشاندان و کۆی و کۆبوونەوەی بۆ بکەن و خەڵکی شارەکانی تری کوردستانیش بەشداری تیا بکەن تا زووتر بییاری لە سەر بدرێت.

-خستنە سەری شاری کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستانی (فیدرالڕ یا سەربەخۆ) و پێویستە کەرکوك ببێتە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئاشکرایە کە ماف دەسەندرێ نادرێ، بۆ سەندنی مافیش مەرج نیە تەنها بە هێزی چەك بێت کە لەم کات و ساتەدا بۆ کورد هۆکارێکی گونجاو نیە، لە بەر ئەوە بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی دیبلۆماسی و چالاکی جەماوەری و خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە کەرکوك و کوردستان و ئەوروپا و هەموو جیهان گەرەکە بۆ ئەوەی ماوەیەکی کاتی بۆدابنرێت چونکە نابێت وناکرێت و ناگونجێت کورد بۆ دابین کردنی رەواترین مافی خۆی هەر چاوەیێ بکات تاقی کردنەوەی دوواخستان لە کێشەی کەرکوك هەموو مافەکانی کورد دێنێتەوە سەر سفر. بەڵام لێرەدا دوومەڵێکی پیس خۆی قیت دەکاتەوە:

ئەگەر لە نزیك ترین کات دا هێزی هاوپەیمان بیباری دا شاری کەرکوك بخرێتە سەر حکومەتی هەرێم و ببێتە پایتەخت. بەڵام بۆ کام ئیدارە؟؟؟؟؟؟؟هەڵبەتە بواری راپرسی یەکی ئاوات بۆ نەخوازراو هەیە، بەڵام تاکەی خەڵکی کوردستان راستی یەکانیان لێ بشارێتەوە و ئاگاداری دانیشتنەکانی یەکبوونی دوو ئیدارەکە نەبن و تاکەی کەمتەرخەم و خەتابار لەم کێشە چارەنووس سازەدا بۆ خەڵکی ئاشکرا نەبێت و تەی و ووشك پێکەوە بسووتێت، دیارە بەری یۆژ بە بێژنگ ناگیرێت و مێژووش بەزەیی بە کەس دا نایەتەوە.

-گەیاندنەوەی هەموو فەرمانگەکانی وەکو (نفوس، تاپۆ، پەروەردە، شارەوانی، کشتوکالڕ، ئامار، ئاو، ئاوەیۆ، ئاسایش.........هتد) بە فەرمانبەرەکانیشەوە لە پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان و ناوچەکانی دی بۆ شاری کەرکوك.

-گەیاندنەوەی نفوسی ئەو هاووڵاتیانەی کە رژێم بە مەبەستی کەم کردنەوەی رێژەی کورد لە کەرکوکەوە ساڵی (1987) گواستیەوە بۆ هەولێر وسلێمانی بە هەمان لیست لە گەلڕ نفوس و راست کردنەوەی جێزا (مەسقەت راس) کانیان بۆ کەرکوك، هەڵبەتە ئەمە ئەنجامێکی سروشتی دەربەدەرکردنە و ئەگەر دەرنەکرانایە بۆچی لە دەرەوەی کەرکوك لە دایك دەبوون؟.

-گواستنەوەی خۆیان و نفوس و جێزا (مەسقەت راس) ی ئەو عەرەبە (مستەوتەنە عەفلەقیە) هاوردانەی کە بە مەبەستی بە عەرەب کردن هێنرابوونە کەرکوك لە گەلڕ منداڵەکانیان بۆ ئەو شوێنانەی کە لێوەی هاتبوون لە ماوەیەکی دیاری کراودا. هەڵبەتە هەولڕ دان بۆ دیاری کردنی کاتێکی دیاری کراو بۆ گەیاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان کارێکی زۆر پێویستە چونکە هەموو بیبارێك ماوەی کارکردن (سەرەتا و کۆتایی) دیاری کراوە، لەوانەیە ئەگەر کاتێکی زۆر بخایەنێت دوور نیە بارووددۆخێکی تر بێتە پێشەوە کێشەکە بەرە و ئاقارێکی تری بەرێت وەکو کارەساتی (11) ی سیپتەمبەر، ئەمە لە لایەك لەلایەکی ترەوە باشتر وایە دەرگای یارمەتی کیینی ئەۆ خانووانە بکرێتەوە و پارە بە کوردە ئاوارەکان بدرێت کە ئەو خانوانەیان لێ بکین چونکە دەشێت مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە و سەرباری ئەمەش پێشنیار دەکەین بەپێچەوانەی بەعس زەوی و یارمەتی بە عەرەبە هاووردەکان لەو شارانەی کەلێوەی هاتوون بدرێت و تا بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان لە جێگەی باب وباپیرانیان بەرنە سەر.

زۆربەی جار هاو پەیمانان بەئاشکرا دەڵێن کوردە دەرکراوەکان دەگەیێنینەوە بەڵام

یاشکاوانە ئاماژە بە گەیانەوەی عەرەبە هاوردەکان لە ماوەیەکی دیاری کراو بۆ سیینەوەی کاریگەری بە عەرەب کردنی کەرکوك نادەن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کوردی کەرکوك بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی لە کەرکوك و بەغدا و شارەکانی دی کوردستان تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمەریکاش بەر دەوام بن لە خۆپیشاندان و کاری دیبلۆماسی بۆ هەرچی زووتر گەیانەوەی عەرەبە هاوردەکان.

-گەیانەوی خۆیان و نفوسی ئەو هاووڵاتی یە کوردانەی کە لەبەر بێ کاری و کەم درامەتی هەرێمی کوردستان رژێم لە کەکرکوك دەری کردن و ناچاری کردن لە بری کوردستانی ئازاد روو لە شارەکانی ناوەیاست و خوارووی عێراق بکەن بە هەمان شێوەی ئەوانەی گواسترابوونەوە بۆ هەولێرو سلێمانی.

-دەرکردنی بییارێك بۆ پەشیمان بوونەوەی ئەو کەسانەی بە ناچاری ئیستمارەی (تەسحیح قومیە) ببورن (تغلیت قەومیە) یان پی کردبووەوە و کرابوون بە عەرەب لە کاتێك دا زیاتر لە 90% لەوانە هەر عەرەبی نازانن، ئیتر چۆن دەشێت بە عەرەب ببن.

-گەیاندنەوەی هەموو ئەو مامۆستاو فەرمانبەرە کوردانەی کە بە هۆی سیاسەتی شۆڤینیانەی بەعسەوە لە کەرکوك بۆیان نەبوو دابمەزرێن بە ناچاری روویان کردە شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق کە ئەمەش مافێکی سرووشتی هەر مرۆڤێکە کە لە شاری خۆی خزمەت بە نیشتمانەکەی واتە کوردستان بکات.

-گەیاندنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان کە لە کەرکوك بە هۆی کورد بونیان لەسەر کار لابراون و لە گەلێ ئەژمارکردنی ماوەی دەرکردنیان بە خزمەت لە هەموو بوارێکی فەرمانبەری دا وەکو ئەو کۆمەڵە فەرمانبەرەی لەساڵی (1979) خولێکی (6) مانگیان لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بینی بەڵام پاش تەواو کردنی خولەکە کوردەکانیان دانەمەزراند. هەروها هەندێ فەرمانبەری دی لە دوای نسکۆی (1975) راژەکانیان بۆ خوارووی عێراق گواسترایەوە بەڵام لە بەر دووری و هەڵوێستی شۆرشگێیانەیان کارەکانیان جێهێشت.

تێبینی/ئەم بابەتە لە مانگی10 دەی 2003 لە رۆژنامەی هەواڵ بە 5 بەش بڵاو کراوەتەوە